# ڕێکار و هەنگاوەکانی ئامادەکاری هەڵمەتی هەڵبژاردن






ئامادەکردنی  دانا جەمیل

حوزەیران 2021

Rayan Building, No 5, Alley 41,
Shoresh District 101, Slemani
Kurdistan Region / Iraq

09647725276043

@Pasewan   PasewanOrg   contact@pasewan.com

PASEWAN

پێشەکی:

هەڵمەتی هەڵبژاردن گرنگترین قۆناغی ڕێکارەکانی هەڵبژاردنە، لە ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر دەنگدەر دروست دەکات و تارادەیەك زەمانەتی بردنەوەو دۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات، لە بواری هەڵبژاردندا سێ جۆر هەڵمەتی هەڵبژاردن هەیە کە بەناسەرکەوتوو دانراوە کە بریتین لە:

**جۆری یەکەم:** لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا پەیامێکی قەناعەت پێکەری نییە بۆ دەنگدەر، هەروەها لە پەیامەکەدا هیچ بیرۆکەیەکی ڕوون نییە کە دەنگدەر بتوانێت بڕوای پێبکات، لەبەرئەوە ئەم جۆرە کەمپینە هەر لەسەرەتاوە بە ئاراستەیەکی هەڵەدا دەڕوات و هیچ کاریگەرییەکی نابێت

**جۆری دووەم:** هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە پەیام و بیرۆکەو پرۆژەی قەناعەتپێکەری هەیە بۆ دەنگدەر، بەڵام بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە پلانێکی بەرپرسیارانەو میکانیزمی گونجاو نییە بۆ گەیاندنی پەیامەکە بە دەنگدەر، ئەم جۆرە کەمپینە تەنها دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی کات و پارەو بێهیوابونی ئەنجامدەرانی کەمپینەکە، ئەم جۆرە لە کەمپین بەهۆی نەبوونی پلانەوە وادەکات کە ئەنجامدەرانی زیاتر بە هۆکاری دەرەکییەوە خەریك بن نەك بە گەیاندنی پەیامەکە.

**جۆری سێهەم:** لەم جۆرەیاندا هەڵمەتەکە پەیام و بیرۆکەو پلانی ڕوون و گونجاوی هەیە بەڵام ئەنجامدەرانی کەمپینەکە کاری جدی ناکەن بۆ گەیشتن بە دەنگدەر، ئەمەش هیچ سودێکی نابێت و بە کەمپەینی تەمەڵ ناودەبرێت.

بەڵام هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرکەوتوو کاتێك دەبێت کە لە کاتی گونجاودا پەیامەکە بگەیەندرێتە دەنگدەران و بەپێی پێویست گەشەی پێبدرێت و پلانێکی بەرپرسیارانە هەبێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دەنگدەردا، لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵ دەدەین پلان بۆ ئەنجامدانی کەمپینێکی سەرکەوتو دابرێژین کە گرنگترین قۆناغەکانی دانانی پلانی کەمپینێکی سەرکەوتوو بریتین لە:

## یەکەم: ئەنجامدانی توێژینەوە:

ئەنجامـدانی ڕاپرسـی و توێژینـەوە لـە یەکـەمین قۆناغـەکانی ئامادەکـارین بـۆ هەڵمـەتی هەڵبـژاردن بۆئەوەی بتواندرێت پلانێکی ورد بۆ بەرنامەی سیاسیی و تەکنیکی هەڵمەتی هەڵبژاردن دابنرێت و لە ڕێگەیەوە وەڵامی چەندین پرسیارمان دەست دەکەوێت لەوانە:

* جۆری هەڵبژاردنەکە چییەو ڕێساکانی کامانـەن؟ ئایا هەڵبژاردنەکە بە لیستی کراوە دەبێت یان داخراو؟ یەك بازنە دەبێت یان فرە بازنە؟ لایەنی ئیجابی سلبیان چییە؟

* تایبەتمەندێتی زۆنی هەڵبژاردنەکە چییە؟ لایەنە ڕکابەرەکان کێن و خاڵی بەهێزو لاوازیان کامانەن؟ تایبەتمەنـدێتی دەنگدەرەکان چـین؟ کێشـەو گرفتـەکانی دەنگـدەر چـین؟ ئـەو گۆڕانکاریانـە چـین کـە ڕویانـداوە؟ بـەپێی بازنـەکانی هەڵبـژاردن ژمـارەی دەنگـدەرەکان چـەندن و پۆلێنکردنیـان چـۆن دەبێـت لەسەر ئاستی (ئاستی بژێوی، بڕوانامە، هێزی لایەنەکان لەو بازنەیەدا ....هتد.

* لـە هەڵبـژاردنی ڕابـردودا چـی ڕویـدا؟ هاوپـەیمانێتی و لیسـتەکان کامانـە بـوون؟ ئایـا وەك خـۆیـان دەمێننـەوە یـان ئـەو گۆڕانکاریانـە چـین ئەگـەری ئـەوە هەیـە تیایانـدا ڕوبـدات؟ خـاڵی بـەهێزو لاوازی خۆمان کامانەبون؟ ئایا هەڵەکانمان چیبون و خەلەلەکانمان کامانەبوون؟ ئایا ڕێژەی چەندی دەنگدەر بەشداری کرد؟ ئایا بەلەبەرچاوگرتنی هەڵبژاردنی ڕابردوو چەند دەنگمان پێویستە بۆ بردنەوە؟.

* ئەو هۆکارە سەرەکییانە کامانەن کە کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردن دەبێت؟

* لەبەرامبـەر خـاڵی بـەهێزو لاوازی ڕکابەرەکانـدا دەبێـت چـۆن بـین؟ خـاڵی بـەهێزی کاندیـدەکان چـی بێت؟ ئەو تایبەتمەندیانە چین کە دەبێت لە کاندیدەکاندا هەبن، بەلەبەرچاوگرتنی پێویستی واقیع و خاڵی بەهێزو لاوازی ڕکابەرەکانمان.

ئەنجامـدانی توێژینەوەیـەکی لـەم جـۆرە بەرچـاوڕونی زۆر دەدات بـۆ قۆناغـەکانی دواتـری هەڵمـەتی هەڵبژاردن.

## دوەم: دەستنیشان کردنی ئامانج:

ئامانجی سەرەکی هەر هەڵمەتێکی هەڵبژاردن بریتییە لە بردنەوە لە هەڵبژاردنەکەدا، لەپێناو ئەم ئامانجەشدا پێویستە چەندین ڕێگای جیاواز بگیرێتە بەر، بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردندا پێویستە خۆئامادەکردنێکی زۆر باش هەبێت، کاندیدەکان بۆئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە کار بکەن و ئامانجە سەرەکییەکەیان بەدەست بهێنن پێویستیان بە هەڵسەنگاندنێکی ورد هەیە لەسەر ئاستی خودی ودەرەوە.

### هەڵسەنگاندنی خودی:

بەپشت بەستن بە بنەمای SWOT گرنگە کاندید هەڵسەنگاندنێکی خودی بکات و لە ڕێگەیەوە خاڵە بە هێز و لاوازەکان دیاری بکات, هەروەها دەرفەت و کۆسپ و مەترسییەکانی دێنە ڕێگەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەستنیشان بکات، بۆئەوەی بتوانێت لەکاتی ئەنجامدانی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە باشترین شێوە ئەدای بەرنامەکەی خۆی بکات.

### هەڵسەنگاندنی دەرەکی:

هەڵسەنگاندنی دەرەکی هەنگاوێکی زۆر گرنگی ئامادەکاری پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردنە، بەهۆیەوە ئاستی توانایی لایەنە ڕکابەرەکانمان بۆ دەردەکەوێت و لە لایەکی تریشەوە بەرچاومان ڕوندەبێت لە تێگەیشتن لە بارودۆخی دەنگدەر. لە هەڵسەنگاندنی دەرەکیدا پێویستە ئەم تەوەرانە لەبەرچاو بگیرێت:

**یەکەم:** هەڵسەنگاندنی لایەنە ڕکابەرەکان

* خاڵە بەهێزەکانیان کامانەن؟

* خاڵە لاوازەکانیان چین؟

* چۆن دەتوانین خاڵە لاوازەکانیان دەربخەین؟

* دەرفەتەکانیان کامانەن؟

* چۆن دەتوانین دەرفەتەکانیان کەم بکەینەوە؟

* ئەو شتانە چین کە لایەنە رکابەرەکان لێی دەترسن و خۆیانی لێبەدور دەگرن؟

* ئێمە چۆن دەتوانین مەترسییەکانیان زیاد بکەین و لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵیان بکەین و تەرکیزیان لەسەر بەرنامەکانیان کەم بکەینەوە.

**دوەم: هەڵسەنگاندنی دەنگدەر:**

لە رێگەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە دەمانەوێت راستەخۆ بە دەنگدەر بگەین، لەبەرئەوە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دەنگدەر دەبێت لە ئەلەویەتی ئامادەکاری هەڵمەتی هەڵبژاردندا بێت و پرۆسەیەکی وردو گرنگە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە وەڵامی واقیعیانەی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

– ژمارەی گشتی دانیشتوان چەندە لە هەریەك لە بازنەکانی هەڵبژاردندا؟

– ژمارەی گشتی دەنگدەر چەندە لە هەریەك لە بازنەکانی هەڵبژاردندا؟

– ئایا رێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکەدا چەندە؟ چەند دەنگدەر بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکات؟ ئەو هۆکارانە چین کە وادەکەن دەنگدەران کەمتر بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن؟

– پێویستمان بە چەند دەنگ دەبێت بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردندا؟

– ئایا دەنگدەرەکان چۆن بەسەر خێزانەکاندا دابەش بوون؟ هەر خێزانێك چەند دەنگدەری بەردەکەوێت؟ چۆن دەتوانین کاریگەری لەسەر ئەو دەنگدەرانە دروست بکەین کە هێشتا بڕیاریان نەداوە؟

**سێیەم: بە ئامانج گرتنی دەنگدەر:**

بەئامانج گرتن و پۆلێنکردنی دەنگدەر پرۆسەیەکی گرنگە، بۆئەوەی کاندیدەکان توانای مرۆیی و پارەو کاتی زۆر بەفیرۆ نەدەن، هەروەها لەرێگەی پۆلێنکردنی دەنگدەرەوە بتوانن پەیامەکەیان نوێ بکەنەوە، مەبەستمان لە پۆلێنکردن و بە ئامانج گرتنی دەنگدەر بریتییە لە:

* ئەوانەی دەنگ بە ئێمە دەدەن

* ئەوانەی کە نزیکن لە ئێمە

* ئەوانەی بڕیاریان نەداوە

* ئەوانەی نزیکن لە رکابەرەکانمان

* ئەوانەی دەنگ بە رکابەرەکانمان دەدەن

لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە تەرکیزمان لەسەر دوو گرۆی تایبەتی دەنگدەر بێت لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا (ئەوانەی لە ئێمەوە نزیکن لەگەڵ ئەوانەی کە هێشتا بڕیاریان نەداوە)

دوو رێگای سەرەکی هەیە بۆ بە ئامانج گۆتنی دەنگدەر کە بریتین لە:

*** بەئامانج گرتن لەسەر ئاستی جوگرافی**

بەئامانج گرتنی دەنگدەر لەسەر ئاستی جوگرافی مەبەست ئەوەیە لە هەر سنورێکدا چەند دەنگدەر هەیە؟ کاندیدو لایەنەکان لە هەڵبژاردنی رابردودا چەند دەنگیان هێناوەو چۆن دەتواندرێت دەنگەکانیان زیاد بکرێن؟ چەند پێویست دەکات کاندیدی بەهێز و کەسی کۆمەڵایەتیو گونجاو دابنرێت بۆ ئەو ناوچانە؟

*** ئامانج گرتنی دەنگدەر لەسەر بنەمای دیموگرافی:**

دەکرێت دەنگدەر پۆلێن بکرێت بەسەر چەند سیفاتێکی جیاوازدا وەك (تەمەن، رەگەز، ئاستی داهات، بواری کارکردن.....هتد) ئەم گروپە هاوبەشانە سیفاتی هاوبەشیان هەیە، لەسەر بنەمای سیفاتی هاوبەشو پێداویستی هاوبەشی ئەم گروپانە، پێویست دەکات کە بەرنامەی وردیان بۆ دابنرێت، هەروەها کاندیدەکانیش تارگێتی خۆیان دیاریبکەن، خاڵی بەهێزو دەرفەتەکانیان لەکام لەم گرۆیانەدا دەبیننەوە بەرنامەکانیان ئاراستە بکەن. چونکە هیچ کات لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا ناتواندرێت بە هەموو دەنگدەرێك بگەین ، هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هەموو دەنگدەران دەبێتە هۆی بەفیرۆدانی کاتو پارەو توانای مرۆییو لەبەرامبەریشدا ئەنجامێکی کەم بەدەست دێت. لەبەرئەوە پێویستە ئەو گرۆیانە دەستنیشان بکەین کە دەتوانین قەناعەتیان پێبکەین، هەروەها لەو گرۆیانەش دور بکەوینەوە کە دەزانین دورن لە ئێمە.

**چەند رونکردنەوەیەکی پێویست:**

* ئەو دەنگدەرانەی کە دەنگدەری راستەقینەو پشتیوانی ئێمەن، پێویستە پشتیان پێببەسترێت‌و دەبێت پلانی چالاکی وا دابنرێت کە پشتیوانییەکەیان بۆ ئێمە پتەوتر بێت.

* ئەو دەنگدەرانەی کە هاوسۆزن لەگەڵ بەرنامەکەی ئێمەو نزیکن لێمانەوە، دەبێت ئامانجی یەکەمی ئێمە بن بۆ کارکردن لەسەریان‌و تەرکیزی تەواویان بخەینە سەر.

* نابێت کاتێکی زۆر بەو دەنگدەرانەوە بەفیرۆ بدەین کە بڕیاریان داوە دەنگ بەئێمە نەدەن چونکە ئەگەری ئەوە زۆر دەنگ بە رکابەرەکانمان بدەن.

* دەنگدەری خۆڵەمێشی لەرێگەی پەیامی سۆزهەژێنەوە ئەگەری ئەوە هەیە قەناعەتیان پێبکرێت کە دەنگ لە بەرژەوەندی ئێمە بدەن.

**شیکاری دەنگدەر:**

لەچوار رەهەندەوە دەتواندرێت شیکاری ورد بۆ دەنگدەران بکرێت کە ئەوانیش بریتین لە:

* **بەها (values)**

لەناو گرۆی ئامانجداردا چ شتێك هەیە وەك بەهای سەرەکی، بۆنمونە پێگەی کۆمەڵایەتی یان دەرفەتی ئابوری، ئازادی کەسی‌و چاکسازی و ئاشتی یان مانەوە لەسەر دۆخی ئێستاو ....هتد.

ئەو بەهایانە چین کە بەلای ئێمەوە گرنگن‌و ئاراستەی کام گروپی کۆمەڵایەتی دەکەین‌و وەك ئامانجی سەرەکی خۆمان کاری لەسەر دەکەین؟

* **رەفتار (attitudes)**

ئایا دەنگدەرەکان گەشبینن یان رەشبینن بەرامبەر بە ئایندە؟ ئایا متمانەیان بە حکومەت‌و دامەزراوەکان هەیە یاخود بێهیوان‌و متمانەیان بە حکومەت‌و دامەزراوەکان نییە؟ ئایا لە ئێستادا بە بەراورد بە رابردوو هەست بە باشتر دەکەن یان بە خراپتر؟ ئایا گۆڕانکارییان دەوێت یان دەیانەوێت لە دۆخێکی چەق بوستودا بمێننەوە؟

*** کێشەو گرفتەکان**

گرنگترین کێشەکانی دەنگدەر چین کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێت بۆ بەرنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردن؟ پێویستە بزانین دەنگدەر لە چ بابەتێکدا زۆر نیگەرانن، ئایا نیگەرانی بارودۆخ و کێشەی کۆمەڵایەتین یاخود یاخود نیگەرانی بارودۆخی ئابوریین، یاخود چارەسەر کردنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانیان بەلاوە گرنگەو بۆ دەنگدەران دەبنە بابەتی سەرەکی یاخود....هتد

*** شێوازی ڕێبەرایەتیکردن:**

شێوازی ڕێبەرایەتی کردن لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا زۆر گرنگە، بەتایبەت پێویستە کاندیدەکان سیفاتی سەرکردایەتیان هەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئایا دەنگدەر چ جۆرە کاندیدێکی دەوێت؟ ئایا دەنگدەر بەدوای کەسێکی خاوەن ئەزمونی جێگیردا دەگەڕێن یاخود گەنجێکی چالاك و جوڵاو خاوەن ئەفکاری نوێیان دەوێت؟

## چوارەم: پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردن:

ئامادەکردنی پەیامێکی باش پێویستی بە چەند پێوەرێك هەیە کە ئەمانەن:

* پێویستە پەیامەکە کورت بێت: بە گشتی دەنگدەر ئارامگیرییەکی زۆر کەمی هەیە بۆ گوێگرتن لە پەیامی سیاسی لەبەرئەوە دەبێت پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردن زۆر کورت و پوخت و ئاسان بێت، ستانداردێکی سەرەکی هەیە بۆ پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەویش ئەوەیە ئەگەر نەتواندرێت لە ماوەی کەمتر لە یەك خولەکدا پەیامەکە بگەیەندرێت بە دەنگدەر ئەوا بەدڵنیاییەوە تەرکیزی دەنگدەر بۆ گوێگرتن لەدەست دەدرێت و ئەگەری ئەوەش هەیە دەنگەکەشی لەکیس بچێت.

* دەبێت پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردن ڕاستگۆیانە بێت و جێی بڕوا بێت.

* دەبێت پەیامەکە قەناعەتپێکەرو بایەخدار بێت بۆ دەنگدەر.

* پێویستە لە پەیامەکەدا جیاوازی پیشان بدرێت: پێویستە دەنگدەر بڕاردەی هەبێت لە نێوان پەیامی ئێمەو ڕکابەرەکانمان، لەبەر ئەوە دەبێت ئەوە دەربخەین کە ئێمە لە چیدا لەوانی تر جیاوازین، بۆنمونە ئەگەر هەموو لایەنەکان تەرکیزیان لەسەر دابینکردنی هەلی کارو بارودۆخی

دارایی بێت ئەوا دەنگدەر ناتوانێت جیاوازی لە نێوان پەیامی ركابەرەكاندا بكاتو هەست دەكات كە بژاردەی جیاوازی نابێت، لەبەرئەوە زۆر گرنگە ئێمە لە پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردندا جیاوازییەكانمان لەگەڵ لایەنە ركابەرەكانی تر بخەینە روو.

* دەبێت پەیام ئاسان بێتو دەنگدەر وا هەست بكات قسە بۆ دڵی دەكرێت.

* دەبێت پەیام ئامانجدار بێت: مەبەست لێی ئەگەر بمانەوێت پەیامێك ئامادە بكەین كە هەموو دەنگدەرێك بگرێتەوە وەك ئەوە وایە ئێمە هیچمان نەكردبێت، بەڵكو پێویستە گروی ئامانجداری خۆمان دەست نیشان بكەینو پەیامەكانمان ئاراستەی ئەو گرۆیانە بكەین.

* پێویستە بەبەردەوامی پەیامەكە دوبارە بكرێتەوەو دوبارە بكرێتەوە: لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بۆئەوەی بتوانیدرێت كاریگەری لە سەر دەنگدەر دروستبكرێت لەپێناو ئەوەی دەنگمان پێبدەن، ئەوا دەبێت لە هەموو بۆنەیەكدا بە رێگای جیاواز هەمان پەیام دوبارە بكرێتەوە، چونكە دەنگدەر ئامادە نابێت دەنگ بدات تەنها لەبەر ئەوەی ئێمە شتێك دەڵێین، بەڵكو پێویستە دەنگدەر بەبەردەوامی گوێی لەو پەیامە بێت بە رێگای جیاوازو لەكاتی جیاوازدا، ئەگەر گۆڕانكاری لە پەیامەكەدا بكرێت ئەوا سەرلێشێواندن لەلای دەنگدەر دروست دەكات.

**تێبینی**: گرنگە لەكاتی ئامادەكردنی پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردندا كار لەسەر دەرخستنی جیاوازییەكان بكەین لەنێوان ئێمەو ركابەرەكانماندا، بەتەواوەتی بەرچاومان رونبێت لەوەی كە:

– ئێمە چی دەڵێین لەبارەی خۆمانەوە
– ئێمە چی دەڵێین لەسەر ركابەرەكانمان
– ركابەرەكانمان چی دەڵێن لەسەر ئێمە
– ركابەرەكانمان چی دەڵێن لەسەر خۆیان.

PASEWAN

پێنجەم: ڕێگاکانی پەیوەندی کردن بە دەنگدەر:

ڕێگاکانی پەیوەندیکردن بە دەنگدەرەوە کە مەبەست لێی چالاکییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنە، گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە کە لە ڕێگەی چ جۆرە چالاکییەکەوە دەتوانین بە دەنگدەر بگەین و بۆئەم بەمەستەش پێویستە لە قۆناغی ئامادەکاریدا ئەم پرسیارانە لەخۆمان بکەین و ئامادەکاری تەواو بکەین:

* پێویستمان بە چەندێك تێچون هەیە لە کات و پارەو توانای مرۆیی.

* ئایا دەزانین کە دەتوانین بە چ دەنگدەرێك بگەین؟ واتا ئایا گرۆی دەنگدەری ئامانجدار لای ئێمە کێن؟

* ئایا ئەو دەنگدەرانە قەناعەت بەوە دەکەن کە دەنگمان پێبدەن؟

* ئایا دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کاتێك دەنگدەرەکان دەڵێن پشتگیریتان دەکەین بەراستی لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگامان پێدەدەن؟

**پۆلێن کردنی چالاکییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن:**

ئەو چالاکییانەی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکاردێن بە مەبەستی گەیشتن بە دەنگدەر پێویستە دیراسە بکرێت و ئاستی کاریگەری و تێچونەکانی لەسەر ئاستی (کات و پارەو توانای مرۆیی) دیارییبکرێت وەك چەند نمونەیەك لەم خشتەیەدا بۆ بەرچاوروونی دەخەینە روو.

| جۆری چالاکی | کاریگەری | | | سەرچاوەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | قەناعەت پێهێنەرە | پشتیوانەکا ن دەناسێت | هاندەرە بۆ دەنگدان | کات | پارە | توانای مرۆیی |
| ئیمەیڵ | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | □ | □ | بەڵێ |
| دەرگا بە دەرگا | بەڵێ | بەڵێ | لەوانەیە | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| تەلەفۆن | لەوانەیە | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| پۆستەر | نەخێر | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| ریکلام | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | □ | بەڵێ | □ |
| ئینتەرنێت | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |

سەرچاوە: بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود وەرگیراوە لە
POLITICAL CAMPAIGN PLANNING MANUAL - A STEP BY STEP GUIDE TO WINNING ELECTIONS - National Democratic Institute for International Affairs
https://www.ndi.org/sites/default/files/Political_Campaign_Planning_Manual_Malaysia_0.pdf